MINISTRY OF NATURAL RESOURCES | KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | حکومەتی هەرێمی کوردستان

# کارکردن لەکەرتی خزمەتگوزاریەکانی نەوت و غازی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## چۆن کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاریەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێنیت؟

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق پێشوازی لە هەردوو کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی بواری خزمەتگوزاری نەوت و غاز دەکات بۆ هەرێم.

سێ هەنگاوی سەرەکی هەیە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکەت لە هەرێمی کوردستان، و بوونە بەشێک لە یەکێک لە چالاکترین و پڕجۆشترین پیشەسازیەکانی نەوت و غاز لە جیهاندا.

**١) تۆمارکردن لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان**

- پرۆفایلی کۆمپانیاکەت بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی پێشکەشی تیمی تۆمارکردنی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بکە بە ناردنی بۆ ئیمەیلی registration@mnr.krg.org. چاوەڕوانی ڕەزامەندی بە. پرۆفایلەکەش پێکدێت لە:
  - ✓ توانا و شارەزایی کۆمپانیا
  - ✓ نموونەی کاری پێشوو و ئەزموون
  - ✓ زانیاری گشتی سەبارەت بە کۆمپانیا
- **پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، گورزەی تۆمارکردن وەردەگریت. فۆرمەکان پڕ بکەرەوە و بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بیانگەڕێنەرەوە بۆ تیمی تۆمارکردنی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.**

**٢) یەکەم گرێبەستت ببەرەوە و مۆڵەت بەدەستبهێنە**

🡨 هەر کە تۆمار دەکرێیت، بانگهێشتنامەت پێدەگات بۆ ئەوەی راستەوخۆ لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوتەوە تەندەر وەربگریت. داواکاری پێشکەش بکە و گرێبەستێک ببەرەوە.

🡨 گرێبەستی ئیمزاکراوت لەگەڵ کۆمپانیای کارکەردا بهێنە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت.

**٣) کۆمپانیاکەت تۆمار بکە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

🡨 کاتێک مۆڵەت بەدەستدەهێنیت، دەتوانیت کۆمپانیاکەت لە هەرێمی کوردستان، لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تۆمار بکەیت. پێشنیاری گرتنی پارێزەرێک دەکرێت بۆ راییکردنی پرۆسەکە. پەیوەندی بکە بە تیمی تۆمارکردنی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە بۆ دەستکەوتنی لیستێکی پێشنیارکراو لە پارێزەرانی ناوخۆ.

هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ خۆت و کۆمپانیاکەت دەخوازین لە هەرێمی کوردستاندا.

**تیمی تۆمارکردن لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان**
registration@mnr.krg.org
**وەزارەتی سامانە سروشتیەکان**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

***کاکردن بەرەو ئایندەیەکی گەشتر***

***وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق***